# ئەی نووسەران و ئازادیخوازان ، فریای د.کەمال سەیید قادر بکەون !

**خوشکانی د.کەمال سەیید قادر**

**ئاواز و گەلاوێژ سەیید قادر**

ئێمە ئاواز و گەلاوێژ ، خوشکانی د.کەمال ، لەوڵاتی ئاڵمانیاوە رووی دەممان دەکەینە تەواوی نووسەران و ئازادیخوازان و رۆشنبیران و تێکۆشەرانی گەلی کورد، دەنگتان هەڵبڕن و ئەو گۆمی بێدەنگییەی کوردستان بشڵەقێنن ، کە لە شاری هەولێردا ، دادگایەکی نهێنی بەدزییەوە بەشێوەی دادگاکانی بەعس لە چەند خولەکێکدا 30 ساڵ زیندانیی بۆ د.کەمال دەبڕێتەوە.

بەڕێزان ( بەختیار عەلی، شێرکۆ بێکەس،شێرزاد حەسەن ،فوئادی مەجید میسریی ، رەئوف بێگەرد، د.رەفیق سابیر،د.کەمال میراودەلی، د.ریبوار فەتاح ، ریبوارسیوەیلی ،رێبین هەردی، شوان ئەحمەد ،ئاسۆس هەردی ،مەریوان قانع ،فاروق رەفیق، د.فەرهاد پیرباڵ، د.عەبدوڵا پەشێو ، عیزەدین موستەفا رەسوڵ،د.کەمال مەزهەر،محەمەدی مەلاکەریم،د.جەمال نەبەز،ئاراس فەتاح،هیوا قادر، ئەکرەم قەرەداخیی ، هەموو ئەو نووسەرو رۆشنبیرانەی تر ) ، هۆی چییە ئێوە بێدەنگیتان هەڵبژاردووە ؟ لەکاتێکدا ئێوە کەسانی ناسراو و پێشەنگی کاروانی رۆشنبیریی کوردیین و قورسایی خۆتان هەیە لەکوردستاندا.

هاوکات داوا لە هەموو رۆژنامەکانی کوردستان و رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکەین ، هۆی چییە ئێوە بە هەموو شێوەیەک بایکۆتی بێسەروشوێنکردنی د.کەمالی برامانتان کردووەو تەنها ئەو راپۆرتە پڕ لەدرۆو دەلەسانە بلاودەکەنەوە کە بەخزمەتی پارتییە و لەزمانی راپۆرتنووسەکانی پاراستنەوە بۆتان دەنێردرێن ! لەکاتێکدا بەسەدان وتارو نووسینی جۆراوجۆر لەلایەن نووسەرانی تاراوگەوە لە سایتەکوردییەکاندا بلاودەبێتەوەو زۆربەشیان نێردروان بۆ رۆژنامەکانتان، کەچیی بەداخەوە بۆ دیژلەمەش دانەیەکیان بلاونەکراوەتەوە.

30 ساڵ زیندانیی بۆ براکەی ئێمە، گەورەترین شکۆمەندیی دەبێت بۆی، بەلام گەورەترین شەرمەزارییە بۆ دەسەڵاتێک کە بۆپاراستنی وەهم و جلەوی خۆی پەنا بۆ لاساییکردنەوەی بەعس بەرێت. هاوکات بێدەنگیی نووسەران و رۆشنبیران گەورەترین بیانووە بۆ دەسەڵات بۆ ئەوەی درێژە بە ئەفسانەتاشینی خۆی بدات. بێدەنگیی ئێوە گەورەترین هاندان و دەست لەپشتدانی دەسەڵاتە بۆئەوەی زێتر هێرش بکاتە سەر ئازادیی و دیموکراتیی و مافی مرۆڤ. بێدەنگیی ئێوە کۆستێکی گەورە دەبێت بەمێژووی رووداوە دراماتیکەکانی کوردستانەوە .

ئەی شاعیرەکان ، شیعر بۆکێ دەنووسن ، کاتێک خەلیفە مەنسوورییەکان حوکمی رزاندنی د.حەلاجی سەیید قادر دەدەن ، بۆکرووزی ئەم ستەمە نەعلەت لەو شاعیرانە دەکات کە ترسنۆکانەو هەلپەرستانە لەسەر شتی پووچ دەشیعرێنن و لە زیندانییکردنی د.کەمالیش گوێی خۆیان ئاخنیوە، ئەی نووسەران ، کێ ئەو ورێنانەتان دەخوێنێتەوە کە نەوێرن هەڵوێستێکی ئازایانە دەرببڕن و تەنها "نا" یەک بڵێن بەو دەسەڵاتەی کەکەرامەتی ژیان و نانتانی بەدەستە. ئەی رۆشنبیران کێ گوێ لەپەیڤەکانتان دەگرێ ،کاتێ وەزیری مافی مرۆڤی ئیدارەی هەولێر لە جەللادەکانی دەزگا سیخوڕییەکان خراپتر دژایەتی د.کەمال دەکات و لایەنگریی دادگا کارتۆنییەکەی هەولێر دەکات و ئێوەش سەرتان کزکز کردووە .

لەکاتێکدا ئێمە سوپاس و پێزانینی زۆر زۆرمان بۆ زۆربەی سایتەکوردییەکان و ژووری کوردستان یونایتید لە پاڵتۆک و رادیوی هاوپشتیی و رێکخراوی چاک ( ناوەندی هەڵەبجە دژ بەئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد ) و هەموو ئەو نووسەرو رۆشنبیرو ئازادیخوازانەی چ بە نووسین و چ بە واژۆ کردن هەڵوێست نواندنیان هەبووەو هەیە، دووبارەش داوایان لێدەکەینەوە کە بەردەوامیی بدەن بەکەمپەینەکانیان و زێتر لەسەر ئەم کێشە سامناکە بنووسن و بیوروژێنن .

براکەی ئێمە تەنها لەسەر دوو لاپەڕە ، 30 ساڵ زیندانیی دەدەن بەسەریدا ، ئەوە بەس کەڵەگایی و هەرەشەکردن نییە بەرامبەر د.کەمال ، ئەوە نامەیەکی کراوەیە بۆ هەر کەسێک کە ڕۆژێ لەرۆژان ئەوەی بەخەیاڵدا بێت قسە لەسەر نهێنییەکانی بنەماڵەی بارزانیی بکات. ئێمە لەهەلومەرجێکی زۆر دژواردایین، چەندێک ، 30 ساڵ زیندانییەکەی د.کەمال ، ئازارێکی گەورەیە، بەلام بێدەنگیی نووسەران و رۆشنبیران ئەوەندەی تر خوێاوک دەکات بەسەر ئەو ئازار و برینە قووڵەماندا.

پارتیی بەئارەزووی خۆی ،دادگا دادەنێێت ودادوەر و پارێزەر هەمووی لەخۆیانەو شانۆگەریی دادگاکەش هەرخۆیان دەرهێنەرین ، کەچیی زۆر بەداخەوە ، کوردستان دەڵێی مەنفای سیبیریایەو چەندێک رەشایی لەسیبیریادا هەیە، پێدەچێت هەر ئەوەندەش رۆشنبیرو نووسەر لەکوردستاندا هەبێت کە نووزەیەکیان تێدا هەبێت.

لەکاتێکدا پاراستن بەهەزارو یەک شێوە لەهەوڵی لەکەدارکردنی کەرامەت و کەسایەتی د.کەمالدایە لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان، لەرێگای راپۆرتنووسەکانییەوە پاکانەی درۆزنانە بە د.کەمال پردەکەنەوەو بوختانی پاشگەزبوونەوەی بەدەمەوە دەکەن ، کەچیی رواڵەتی راستەقینەی رووداوەکان شتێکی ترە . ئەمە لەکاتێکدایە کە د.کەمال نەک هەر داوای لێبووردنی نەکردووە بەڵکوو بڕیاری داوە ئەمجارە ئەگەر مانبگرێت لەخواردن وەک جارەکانی پێشوو نەک هەر نایشکێنێت ، بەڵکوو مەرگی سەربەرزانەی دەبەخشێ بە گۆمی بێدەنگیی کوردستانێک ، کە بڕیاری چەرخەبەردینەکانی تێدا زیندوو دەکرێتەوە.

پارتیی چێژ و خۆشیی لەو بێدەنگییەی نووسەرو تاکی کورد وەردەگرێ ، لەئاست ئەو زوڵمە زۆرو بێ پەنهانەی بەرامبەر مافی مرۆڤ کراوە. ئەم خامۆشییەی کوردستان و خۆکەرکردنەی نووسەران و رۆژنامەکانی کوردستان لەیەک کاتدا تراژیدیایەکی گەورەیە بۆ مافی مرۆڤ و کۆمیدیایەکی زۆر گەورەشە کە نووسەرانی کوردی والێکردووە کە بەیەکتری پێبکەنن و دەسەڵاتیش گاڵتەیان پێ بکات .

چ گاڵتەجارییەکە بە ناوی دیموکراتیی و ئازادییەوە دەکرێ، راپۆرتنووسێکی دەزگای پاراستن بەئەندازەی ژمارەی هەموو مووەکانی لەشی سووکایەتی بە سەرکردەکانی لایەنێک کردووە، بەئەندازەی هەموو ئەو گولانەی تەحسین شاوەیس و قالەفەرەج بە پێشمەرگەو تێکۆشەرانی کوردیانەوە ناوە ، ئەویش ئەوەندەی قسەی بازاڕیی و جنێوی بە لایەنێک و بەمامەڕیشەو بە برایم ئەحمەد و عەلی عەسکەریی داوە ، کەچیی دەسەڵات هەر لەوشارەی براکەی ئێمەی تێدا بە 30 ساڵ زیندانیی مەحکوم کردووە ، ئەم شاعیرەی پاراستنیشی خەڵات کردووە .

ئێمە چاوەڕێی هەڵوێستی جوامێرانەو ئازایانەی نووسەران و رۆشنبیرانی کوردیین ، نەک چاوەڕێی مەرحەمەت و مەکرەمەتی سەردارەکان تا لە شانۆگەرییەکی تردا ئازادییەکی زەلیلانەو چاوشۆڕانە بدەن بە د.کەمال، ئێمە دڵنیاین کە د.کەمال ئامادەنییە عیزەتی نەفس و کەرامەتی ئینسانی خۆی بشکێنێ و زەلیلی بەناو ئازاد بگۆڕێتەوە بە دیلیی و زیندانیی سەربەرزانەی ناو گرتووخانەکانی پاراستن .

درەنگە درەنگ، ئەی نووسەران و رۆشنبیران ، دوو مانگی تەواوە مامۆستایەکی زانکۆ لە زیندانی پاراستندایەو ئەوە 30 ساڵ زیندانییشیان بۆبڕیوەتەوە ، هێشتا ئێوە موویەک لەلەشتان خۆی ڕانەوەشاندووە ، درەنگە درەنگ ئێوە ئەگەر لەسەر ئەم کارەساتە نەیەنە وەڵام ئەی لەسەر چیی بەدەنگ دێن. هەر ئێستا د.کەمال باری تەندروستیی زۆر زۆر خراپەو بڕیاری داوە ئەگەر دەست بکاتەوە بەمانگرتن و گەشتی ئەمجارەی بەرەو لوتکەی سەربەرزیی مەرگ دەبێت. دوا وتەمان ئەوەیە بێدەنگیی لەوە زیاتر هیچ ورک و بیانوویەک ناتوانێ پاکانەی بۆ بکات .

دەنگ هەڵبڕن بەرامبەر بڕیاری دادگایەک، کە گەورەترین سووکایەتییە بە مافی مرۆڤ و بنچینەکانی مافی مرۆڤ و رووخساریی کورد لە دەرەوی ولات، ئەم 30 ساڵ زیندانییکردنە کە دەستی کۆماری رەشی ئیسلامیی و چەندین دەوڵەتی تری تێدایە، هەمووی لەرێگەی پارتییەوە دەکەن. ئەی لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئەی دڵسۆزانی قازی موحەمەد و د.قاسملو ، براکەی ئێمە ویستی نهێنییەکانی تێرۆرکردنی د.قاسملو شەرەفکەندیی بدۆزێتەوەو ریسوای بکات ، ئێستا ئەم گەلەکۆمەکییە نێودەوڵەتییە لەسەر براکەی ئێمە بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانیشەوە لەسەر دڵسۆزیی بۆ د.قاسملو و شەرەفکەندیی بووە ، ئەی

**ئێوه بۆ بێدەنگن، ئەی رۆشنبیران و نووسەرانی کوردستانی رۆژهەلات ئێوه بۆچیی بێدەنگن لەئاست ئەم هەموو دەست تێکەلکردنە موخابەراتییانەدا دژی براکەی ئێمە .**

**نووسەران ، رۆشنبیران ، ئازادییخوازان ، رۆژنامەو میدیاکانی کوردستان ، حیزب و لایەنە سیاسییەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان، ئێمە چاوەڕێی تەقینەوەی رقی پیرۆزی ئێوەی جوامێرو دلێرو هەقبێژین، لەسەراسەری کوردستان و دەرەوەی کوردستاندا بەشێوازی مۆدێرن ئەم حوکمە نایاسایی و نامرۆڤانەیە هەلبوەشێننەوە .**

**ئالمانیا**-24-12-2005